

# ژیاننامەی ئالیس مۆنرۆ

لەفارسییەوە: ئایدیا

ئالیس مۆنرۆ (١٠)ی تەموزی ١٩٣١ لە کەنەدا هاتوەتە دنیاوە. باوکی جوتیار و دایکی مامۆستا بوو. ئەو هەر لەسەردەمانی لاوییەتیەوە دەستی بەکاری نوسین کردو یەکەمین چیرۆکی بە ناوی (ڕەهەندەکانی سێبەرێک) لە ساڵی ١٩٥٠بڵاوکردەوە، لە کاتێکدا هێشتا خوێندکاری زانکۆی ڤێستڕن ئۆنتاریۆ بوو، . ئەو بەرلە هەڵبژاردنی کاری نوسین وەکو پیشەیەک، ئەزمونی هەندێ ئیشی وەک بەردەستی و کاری کتێبخانەی هەبووە، تەنانەت ماوەیەکیش لە کێڵگەکانی تەنباکۆ سەرگەرمی کارکردن بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ١٩٥١ وازی لە زانکۆ هێنا تا هاوسەرگیری بکات، پاشان ساڵی ١٩٦٣ ماڵی گواستەوە بۆ ڤیکتۆریا و کتێبفرۆشی (کتێبی مۆنرۆ)ی کردەوە، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

مۆنرۆ بەتایبەت لە چیرۆکەکانی سەرەتایدا بە هەندێک چەمکی وەکو پێگەیشتوویی و سازان **لەگەڵ** خێزاندا خەریک بوو، بەڵام بە تێپەڕینی رۆژگار، ئێرامانەکانی بۆ تەمەنی کامڵی و تەنیایی زیاتر بوو.

زێدی لەدایکبوونی مۆنرۆ شاری بچوکی (وینگم)ە لە ویلایەتی ئەنتاریۆی کەنەدا و فەزای چیرۆکەکانیشی بەزۆری هی شارە بچوکەکانی ئەم ویلایەتەیە. چیرۆکەکانی زیاتر شێوازێکی ئارامیان هەیە، بەڵام هەمیشە ڕووداوێک لەژێر ئەم ڕووە ئارامەدا لە تەوژم دایە، کە مۆنرۆ لە درێژەی چیرۆکەکەدا بە ناسکیەوە پەردە لەسەر ئەو نهێنیە لادەبات و لە کۆتاییدا خوێنەر سەرسام دەکات.

ناوەڕۆکی بابەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەڵدەبژێرێت و ئێڕوانینێکی تایبەتی بۆ مەسەلەو ئاریشەکانی ژیانی ژنان هەیە، ئەگەرچی پەیوەستداره بە کێشە و نیگەرانییەکانی کچانی لاو، لە کتێبەکانی دواهەمینیدا سەرنجی زیاتری لەسەر کێشەکانی ژنانی کامڵ و بە ساڵاچووە. یادەوەری ڕۆڵێکی گرنگی لە چیرۆکەکانیدا هەیە. کەسایەتییەکانی بە قووڵی دەناسێنێ و دەربارەی ژیانیان بیردەکاتەوە و دیالۆگەکان بە شارەزاییەوە بەکار دەهێنێت. ڕاستگۆیی لە دەربڕین و زمانێکی ڕوون و ڕەوان و وردبینی لە وردەکارییەکان , لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکانیەتی.

(مارگرێت ئوتود) کە نوسەرێکی ناوداری کەنەدی یە ،ئالیس مۆنرۆی بە یەکێک لە (پیرۆزییەکانی ئەدەبیاتی جیهان) ناو بردووە، ڕەخنەگران و نوسەران، ستایشی شێوازی سادە و بێ گرێ و گۆڵ و فرەڕەهەندیی کەسایەتییە سادە و دیالۆگە گونجاوەکانی دەکەن. تایبەتمەندیی سەرەکیی چیرۆکەکانی مۆنرۆ , جەختکردنەوەیەتی لەسەر شوێنی ڕوودانی چیرۆک و کەسایەتییە ئاڵۆزەکانی ژنان. بەرهەمەکانی زۆربەی کات لەگەڵ ئەدیبە مەزنەکان بەراوردکراوە و دەوترێت لە بەرهەمەکانیدا وەکو بەرهەمەکانی چیخۆفهێڵی چیرۆکی پلەی دووەم بایەخی هەیە و دەتوانین بڵێین ڕووداوێکی تایبەت لە چیرۆکەکاندا ڕوونادات و زۆربەی کات پەلەپینکەیەک دەبێتە هۆی گۆڕانی ژیانی کەسایەتییەکان.

مۆنرۆ لەدوای وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی ترلیوم کۆمەڵە چیرۆکی (ژیانی ئازیز) ڕایگەیاند کە، ماڵئاوایی لە دونیای نوسین دەکات و وتی: (نەک لەبەرئەوەی کە نوسینم خۆش ناوێ، بەڵکو بە بۆچوونی من کاتێک دێت کە هەستدەکەیت گەیشتویتە شوێنێک، کە ئیتر بە شێوازێکی تر بڕوانیتە ژیانی خۆت، و لەوانەیە کاتێک دەچیتە تەمەنەوە، ئیتر حەزنەکەی ئەوەندە ئەنیابیت بەقەد ئەوەی کە نوسەرێک ئەنیایە. وەک بڵێی هەست بکەیت نەگەیشتویتە کۆتاییەکی دروست لە ژیانتدا و بنەوێ زیاتر کۆمەڵایەتی بیت).

مۆنرۆ دەربارەی شێوازی نوسینی خۆی وتویەتی: (زۆربەی کات بەر لە نوسینی چیرۆکێک زۆر لەگەڵیدا دەژیم و کاتێکی ڕێکوپێکم نییە بۆ نوسین و چیرۆکەکان بەردەوام بە هزرمدا تێدەپەڕن، تا ئەو شوێنەی کە دادەنیشم و تەواو لەناویدا ڕۆدەچم. ئەم ڕۆچوونە بە یاداشت نوسین ئەنجام دەدەم. چەندین دەفتەرۆکەی یاداشت نوسینم هەیە، کە بەخەتی خوار و خێچ پڕم کردوتەوەو هەموو شتێکیان تێدا دەنووسم. هەندێ جار کاتێک دەڕوانمە ئەم دەستنوسە سەرەتاییانە بەخۆم دەڵێم بەڕاست سوودیشیان هەیە؟ دەزانی من لەو نوسەرانە نیم کە بەهرەی خێراییان تێدایە و بەخێرایی دەنوسن).

زۆربەی چیرۆکەکانی مۆنرۆ بۆ یەکەمین جار لە گۆڤاری باوەڕپێکراوی (نیویۆرکەر) بڵاو کراونەتەوە. دواهەمین چیرۆکی کە لەلایەن مۆنرۆ وە لە(نیویۆرکەر) دا بڵاوبوەتەوە (ئاموندسن) بوو کە لە ئابی ساڵی ۲۰۱۲ دا چاپکرا. دواهەمین کۆمەڵە چیرۆکی مۆنرۆش ( ژیانی ئازیز) پایزی ڕابردوو بڵاوبۆوە.

مۆنرۆ نوسەری کۆمەڵە چیرۆکەکانی وەک (سەمای سێبەرە شادەکان) و (ژیانی کچان و ژنان) و (ڕازە ئاشکراکان) و (هاوڕێیانی لاوییەتیم)، (هەستدەکەیت کێ یت؟) و (هەڵاتن)ە.

کە کۆی چیرۆکە بڵاوکراوەکانی برینین لە ١٤ کۆمەڵە چیرۆک و پێنج بەرگی هەڵبژاردەی چیرۆک.

لەلایەن کچەکەشیەوە (شیلا مۆنرۆ) ساڵی ۲۰۰۲ کتێبێک بە ناونیشانی (ژیانی دایکان و کچان: گەورەبوون لەگەڵ ئالیس مۆنرۆ) بڵاوبوەوە و کە برینییە لە یادەوەرییەکانی منالی لەگەڵ دایکە نوسەرەکەیدا.

مۆنرۆ کە تەمەنی ۸۲ ساڵە لە شارێکی زۆر بچووک لە ناوچەی ئونتاریۆ دەژی. ئەو ئێستاش سەرسەختانە دەنوسێت، خۆشی دەڵێت کە سەری سوڕماوە لەم بابەتە: چاوەڕێم دەکرد تا وەک ئێستا خانەنشین بوومایە.

لە ۱۰ ئۆکتۆبەری ۲۰۱۳ ئەکادیمیای سوید ڕایگەیاند کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات دەدرێت بەم نوسەرە ناودارە کەنەدییە.

ئەمەش سیانزەهەمین ژن بوو کە لە ساڵی (۱۹۰۱) ەوە تا ئێستا ئەم خەڵاتەی وەرگرتبێت.

**سەرچاوە:** سایتی همشهری ئۆێنلاین